دەستەی گشتی گومرگ دەست بەسەر 63 بارهەڵگردا راگەیاند

دەستەی گشتی گومرگی ئەمڕۆ یەکشەممە دەست بەسەر 63 بارهەڵگردا ڕاگەیاند کە سەرپێچی مەرجەکانی هاوردەکردنیان لە گومرگی ناوچەی باکور کرد بوو. لە ڕاگەیەندراوەکی دەستەکەدا هاتووە :

بەهەواڵەبڕایەتی گومرگی ناوچەی باکوور و بەشی لێکۆڵینەوە و بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی، توانیان دەست بەسەر (63) بارهەڵگردا بگرن کە پێبوون لە (مەعمەڵ ، سیرامیك ، فەرش ، ئامێری کارەبایی،کەرەستەی یەدەگ ، گەنمەشامی زەرد ، ساردکەرەوە، گەنم ، جۆ ،کەرەستەی بیناسازی ، بەری پلاستیکی ، جل و بەرگ ، زیادکەری خۆراك ، زیادکەری کۆنکرێت ، قاڵبی ئاسن ، پرۆفایلی ئەلەمنیۆم ، ئامێری وەرزشی ، سابوون ، زەیتوون + کەرەستەی پلاستیکی ، ئامێری جل شۆردن) و مادەی هەمەجۆرەکانی تر ئەو ماددانەی کە مەرج و کۆنتەڕۆڵ کارپێکراوەکانی هاوردەکردن پێشێل دەکەن.

ئاماژەی بەوەشکرد : ئێپەراسیۆنی دەستبەسەرداگرتن بە هاوکاری پۆلیسی گومرگی ئەنجامدراوە و ڕەوشەنی یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکردن بەپێی یاسای گومرگی کارپێکراو گیراوەتەبەر.